# پەیامنێری رۆژنامەی روانین لەلایەن کارمەندانی ئاسایشەوە لێیدرا!

شکار ئەحمەد – هەولێر: شەوی 20–2006/12/21 کاتژمێر 7 کاتێک قوتابیانی بەشی ناوخۆیی (زۆزک) لە شەقامی سێتاقان لەبەر نەبوونی کارەبا لە بەشەناوخۆییەکەیان مانیانگرت. لەوکاتەدا (شاهۆ خالید) وەکو پەیامنێری رۆژنامەی روانین خۆی دەگەیەنێتە شوێنی مانگرتنەکە و لەگەڵ قوتابییەکان قسە دەکات و لە کاتی وێنەگرتندا یەکێک لە کارمەندانی ئاسایشی سێتاقان کە لە شوێنی مانگرنەکە بووە، دێتە لای پەیامنێری ناوبراو و پاش خۆناساندنی وەک پەیامنێری رۆژنامەکە، ئاسایشەکان پەلکێشی دەکەن و بە لێدان و هەڕەشە لێکردن و تەقە کردن بەسەر ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون دەیخەنە ناو ئۆتۆمبێلی ئاسایشەوە و لەناو ئۆتۆمبێلەکەش تا ناو بارەگای بنکەی ئاسایشی سێتاقان لێی دەدەن و سوکایەتی پێدەکەن!، لەناو بارەگاش بەردەوام دەبن بە لێدان لە پەیامنێری ناوبراو. دواتر بە رێنمایی بەڕێز (عەبدولخالق) بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوشار دەبرێتەوە شوێنی رووداوەکە و هەر لەوێدا بەڕێزیان لەبەرچاوی قوتابیان و ئەوانەی کە لەوێ بوون داوای لێبوردنی لە کاک شاهۆ کرد و بەڵێنیدا کە ئەوانەی لێیان داوە سزای یاسایی بدرێن. دواتر لەلایەن بەڕێز رائید (مەعروف) بەرپرسی بنکەی ئاسایشی سێتاقانەوە داوای لێبوردن لە سەرنوسەری رۆژنامەی روانین و پەیامنێر (شاهۆ خالید) کرا.

جێی ئاماژەیە لەسەر بەڵێنی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر و بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوشار تا ئێستا رۆژنامەی روانین هیچ داوایەکی تۆمار نەکردووە.